# نازناوی ناشایستە لەسەر خێزان و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی

لەکۆمەڵگەی کوردی و کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتدا زۆرجار ناوناوبانگ و نازناو(لەقەب) بەتایبەتیش ئەگەر ناقوڵا و ناشایستە و ناخۆش بوو، دەبێتە مایەی بریندابوونی هەستی مرۆڤەکان، خستنە پاڵی ئەو نازناوانە کە ڕەنگە هیچ پێوەندییەکی بەکەسێتی ئەو تاکەوەش هەر نەبێت، بەڵکو وەك نازناوێك لەخێزان و بنەماڵەوە بۆی مابێتەوە، ئەم نازناوانە مەرج نییە بەهۆی کاری باشەوە بن، بەڵکو هەندێکیان دەرەنجامی کار و ڕووداو و بەسەرهاتی خراپەوە بن کە بەڕاستی دەبنە ڕێگر لەبەردەم ژیانی کۆمەڵایەتی و زۆرجاریش پێکهێنانی خێزان بەتایبەتیش بۆ کچان. لەم ڕاپۆرتە لایەنە کۆمەڵایەتییە خراپەکانی نازناو و ناولێنانی ناشایستە دەخەینەڕوو، هاوکات بێ تاوانی کچ لەم مەسەلەیەدا ڕوون دەکەینەوە:

**(ئاورینگ حەمەفەرەج)ی فەرمانبەر بۆچوونی وایە**، تاکی کوردی قوربانیدەری ئەو نازناوە هەڵانەن کە هیچ پێوەندییەکی بەکەسێتی ئەو کەسەوە نییە بەتایبەت کچ، زۆرجار پرۆسەی هاوسەرگیری کچ لەسەر ئەو مەسەلەیە هەڵوەشاوەتەوە، لەخێزانێکدا ئەگەر باوك یان دایك یان هەر ئەندامێکی ئەو خێزانە کارێکی خراپ ئەنجام بدات، دەبێتە نازناوێکی خراپ، کە هیچ گوناهێکیشی نییە بۆچی دەبێت ببێتە ڕێگر بۆ کچ یان هەر ئەندامێکی ئەو خێزانە.

(ژیوار جەزا)ی قوتابی زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی ئەندازیاری دەڵێت: ئێمە وا دەڕوانین کە ئەگەر کەسێك کارێکی نالەباری کرد، ئیدی ئەمە پەروەردەی خێزانەکەی بەرەو ئەو ئاقارەی بردووە، بەڵام بیرلەوە ناکرێتەوە کە تاك کاتێك لەخێزان دەردەچێت ڕووبەڕووی شتە جیاوازەکانی دەوروبەر دەبێتەوە و لەژێر کۆنترۆڵی خێزاندا نامێنێت، بۆیە دەکرێت لەژیانی ڕۆژانەیدا تووشی کارێکی هەڵە و خراپ بێتەوە، ئەمە چ پێوەندییەکی بە خوشك یان برا یان دایك و باوکەوە هەیە، لەکاتێکدا خێزانەکەیان دڵخۆش نین بەو کارە، بۆچی دەبێت ئەوان باجەکەی بدەن.

**(ئارام جەمال) وەک ڕووناکبیر و نووسەر، باس لەبیر تەسکی تاکی کورد دەکات**، کە ئەنجامدانی کار دەرهاویشتەی بیرکردنەوە و تێڕوانینی ئەو کەسەیە بۆ کارەکە، نەك پەروەردەو پێگەی خێزانی، لەوکاتەی مرۆڤ کارێك دەکات بیر لە دەرەنجامەکانی ناکاتەوە، لەکاتێکدا خوشکەکەی لەکاتێکی هەستیاردا تووشی ئەو حاڵەتە دەبێتەوە کە بۆچی براکەی ئەو کارە نالەبارەی کردووەو ئێستا کاریگەری لەسەر داهاتوو و ژیانی ئەو دەبێت؟ یاخود بەپێچەوانەوە کچێك هەڵەیەك دەکات، براکەی ببێتە گوناهبار، بۆیە با ئێمە ڕوونتر سەیری دەرەنجامی کارەکان بکەین و پەیوەست نەبین بەناوی بنەماڵەو ڕەفتارو کەسایەتی ئەو خێزانە، بەڵکو تەنیا خودی کەسێتی ئەو کەسە وەربگرین و قبوڵی بکەین.

**(ژیان والی) مامۆستا دەڵێت:** وەك خۆم زۆر گرنگی بەناوی بنەماڵە دەدەم، تەنانەت لەژیانی خۆم جێبەجێم کردووە، چونکە ئێمە لەم کۆمەڵگەیەدا دەژین نەك کۆمەڵگەیەکی کراوە کە ئەو نازناو و قسانە قبوڵ نەکەن و بەهەند وەرینەگرن کە لەسەر خێزانی ئەو کەسە هەیە، ئەگەر لەگەڵ کوڕێکدا هاوسەرگیری بکەم کە خێزانەکەیان هەر ئەندامێکیان بێت نازناو یان کارێکیان کردبێت، وەك بۆ نموونە ڕاو و ڕووت یا دزی یا هەر کارێکی ناشایستە و نابەجێ، ببێتە مۆرکێکی ناشیرین پێیانەوە، چۆن بتوانم ژیانی لەگەڵدا بەسەربەرم، ترسم لەقسە توندەکانی کۆمەڵگەیە، کە هەمیشە بەدواتەوە دەبن و لەداهاتوودا وەك میراتێك بۆ نەوەکان دەمێنێتەوە.

لەبەرامبەر هەموو ئەو بۆچونانەدا لەڕووی لێکدانەوە دەروونی و کۆمەڵناسییەکەوە، خاتوو(میهرەبان جەلال) دەڵێت: مرۆڤ کاری هەڵەی لێدەوەشێتەوە، بەو مانایەی ئەگەر کارێکی خراپی بەئەنجام گەیاند مانای ئەوە نییە دوو هێڵی ڕاست و چەپ بەسەر هەموو ژیانی خۆی و خێزانەکەیدا بهێنرێت، بەڵام لەم کۆمەڵگەیەدا تەنانەت ئەگەر باپیرەشی کارێکی کردبێت و بووبێت بە نازناوی ئەو خێزانە، نەوەکانی باجەکەی دەدەن و کاریگەردەبن پێی. مرۆڤ هەمیشە دەگۆڕێت و بەهەڵەکانیدا دەچێتەوە.

زیاتر لەم لایەنەدا کچ دەبنە قوربانیدەر، لەکوردیدا دەڵێن: (دایك ببینە کچ بخوازە) ئەم پەندە ڕاستە، بەڵام ئەگەر دایك خراپ بێت، مەرج نییە کچەکەشی بەو شێوەیە بێت. فراوانتر بیربکەینەوە، پێدەچێت بەهۆی بارودۆخێکەوە دایکی تووشی هەڵەیەك بووبێت، ئیتر ئەمە بووبێتە بەرنامە و کچەکەشی بەهەمان شێوە بێت، لەئێستادا پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان فراوان بوون و تائێستاش هەوڵی خۆ ڕۆشنبیرکردن دەدات، بۆیە هیچ کەسێك بەرپرس نییە لەکەسێتی کەسانی خێزان و دەوروبەر.



# ناكرێ منداڵ بكرێتە قوربانی ململانێی نێوانی ژن و مێرد

مندالٚ كە دیاری و نیعمەتێكی خوداییە و درێژە پێدەری ژیان و بوون و كەینونەی مرۆڤە، كەچی هەر ئەو منداڵە رەنگە بكەوێتە دۆخێكەوە كە لەرووی سۆز و ئینسانییەتەوە ببێتە مایەی بەزەیی پێهاتنەوە ئینجا لەگەڵ ئەوەی كە جاری وا هەیە ژن و مێرد، كە لە منداڵبوون وەزەحمەت دەكەون، دنیایەك مەشەقەت و دژواری ببینن، كۆڵێك پارە و پول خەرج بكەن هەر بۆ ئەوەی منداڵێكیان ببێ، كە منداڵیش دێتە سەر دنیا بێئاگا لەوەی رەنگە ناكۆكی نێوان دایك و باوكەكەی ببێتە هۆی سەر گەردان بوونی . ئەمە دۆخێكی ئینسانی هە ست بزوێنە و دەبێ رێگە لە حاڵتە بگیرێت . هەر لەبەر ئەوەشە (فقهاء)ی یاسا هەوڵیان داوە كە ئەو جۆرە منداڵانە لەم جۆرە حاڵەت و دۆخانە بپارێزن . جاری وا هەیە كاتێك ژن و مێرد دەكەونە نێو ناكۆكییەوە و ناكۆكییەكەیان دەكێشێتە سەر تەڵاق و لێكجیابوونەوە، منداڵەكەیان دەكەنە ئامرازی دژایەتی كردنی یەك . ئینجا یا ئەوەتا ژنەكە منداڵەكە زەوت دەكات و ناهێڵێ باوكەكە منداڵەكەیی ببینێ، یان بە پێچەوانەوە، كە ئەمەش رێك پێچەوانەی یاسایە . چونكە هەر دوولای ناكۆك دەبێ لەوە بگەن كە سیستمێك هەیە لە یاسادا پێیدەگوترێ سیستمی گشتی (النظام العام) واتە شتێك كە پێچەوانەی یاسا و رێسای گشتی بێت قەدەغەیە و رەتدەكرێتەوە .جا قەدەغە كردنی دایك یا باوك لە بینینی منداڵ لە لایەن هەر یەكێكیانەوە بێت، پێچەوانەی سیستمی گشتییە و یاسا رێگەی پێنادات . ژن و مێرد ئەگەر وازیشیان لە یەك هێنا بەڵام ناتوانن منداڵیان لە یەك قەدەغە و حەرام بكەن . ئەوە حاڵەتە رۆژانە لە دادگاكاندا دەبینرێت كە دایك هەبوە هەموو شتێكی كردووە هەر بۆ ئەوەی مێردەكەی كە تەڵاقی داوە، نەتوانێ منداڵەكەی ببینێت . راستە بەخشینی منداڵ بە یەكێكیان بە پێی تەمەن و بارودۆخ و كۆمەڵێك هۆكارەوەیە و منداڵ چەند بچووكیش بێت ئەوەندە دایك مافی لە باوەش گرتنی زیاتری هەیە، بەڵام جاری واش هەیە، منداڵ زۆریش بچووكە كەچی یاسا دایكەكە بێبەش دەكات لە دایەنی كردنی، ئەوەش دادگا خۆی هۆكارەكان بەپێی یاسا دیاریدەكات و هەڵدەسەنگێنی . جاری واش هەیە پیاو لە رقی ژنەكەی كە تەڵاقی داوە یا لە بێویژدانی و بێبەزەیی و كەمتەرخەمی خۆی، یا ژنێكی تری هێناوە بە هاندانی ئەو ژنە تازەیەی، ئامادە نییە بژێوی منداڵەكەی بدات . لێرەدا یاسا بەزۆرەملێ ئەو




دادوەر : عەدنان حەسەن دەلۆ

ئەركە بە سەر ئەوە پیاوەدا دەسەپێنێ و ناچاری دەكات كە بژێوی منداڵەكەی بدات . هەموو ئەوانە بۆ ئەوەیە تا وەكو مافی ئەو منداڵە بپارێزرێ و، خودی منداڵەكەش لە هەر جەور و ستەمێكی دایك وباوكی بپارێزرێت چونكە منداڵ هەتا گەورە دەبێت ئەمانەتێكە بەسەر دایك و باوكییەوەیە، پێویستە هەقی ئەو ئەمانەتە بە جوانترین شێوە بدرێت و یاساش وەك رێكخەری پەیوەندییەكان و بەدیهێنەری داد ودادپەروەری و پاراستنی مافەكان، ئەم ئەركە دەخاتە ئەستۆی دایك و باوك ئەم مافانەی منداڵیش دەپارێزێت . بۆیە زۆر بەلامەوە گرنگە، كە دەزگاكانی راگەیاندن و پارەزەرانیش هەوڵبدەن ئەو هوشیارییە یاساییە لە ناو چین و توێژەكانی كۆمەڵ بڵاو بكەنەوە كە منداڵ ئەمانەتێكە لە ئەستۆی دایك و باوك، هەوڵنەدەن بیكەن بە سووتەمەنی ناكۆكییەكانیان و ستەمیان لێبكەن و لە مافەكانیان بێبەشیان بكەن . ئەوان دەتوانن لێكجیا ببنەوە و ژیانی تازەیان دەستپێبكەنەوە، بەڵام ناكرێ لە منداڵەكانیان جیاببنەوە، ئەوان بەشێكن لە جەستەی دایك و باوك، ئەدی لە خۆڕا نەوتراوە منداڵ جەرگی دایك و باوكییەتی.



بەرپرسی فایلی كۆمەڵایەتی: كامەران جەلال.. بۆبابەت و سەرنجەكانت پەیوەندی بكە :
Mobile: 07504944607 Email: komelayeti@gulan-media.com


چۆن مامەڵە
لەگەڵ ئەوانە
بکەین کە لەنێو
خێزاندا دوچاری
دڵەڕاوکێ و
وەسواسی هاتوون؟

**وەسواسی یان بەکوردییەکەی دڵەڕاوکێ وەك زۆربەی نەخۆشییە دەروونییەکانی تر چەندین گریمانەو لێکدانەوەی بۆ کراوە، هەندێك لە زاناکان لەسەر ئەو بڕوایەن وەسواسی لە ڕێگەی لاسایکردنەوە لە باوانەوە بۆ وەچەکانیان دەگوازرێتەوە، بەڵگەشیان ئەوەیە کە زۆربەی ئەندامانی ئەو جۆرە خێزانانە تووشی مەراق و وەسواسی دەبن. زۆرجاریش هۆکاری بۆماوەیی ڕۆڵی دەبێ لە گواستنەوەی ئەم نەخۆشییە. هەندێکیش لە زانایانیش هۆکاری ئەم نەخۆشییەیان پابەندی پێکهاتەی دەروونی تاکەکان کردوون. بەهەرحاڵ، هۆکارەکان هەرچییەك بن، بوونی کەسانێکی وەها لەناو خێزاندا کێشەیەکی ئاڵۆزە بۆ ئەندامانی ئەو خێزانە. لەم ڕیپۆرتاژەدا هەوڵدەدەین ئەم کێشەیە بخەینە بەر باس...**

**سەرتا تریفە ئامانج تەمەنی ١٦ ساڵەو لەو بارەیەوە دەڵێت:** کە منداڵ بووم دایکم ئەم گرفتەی هەبوو، تا کۆتایی نان خواردن چەندین جار لەسەر سفرە دەمانێرێتەوە بۆ دەست شۆرین، چونکە ناتوانێت دڵنیابێت لەوەی کە من و خوشك و براکانم دەستمان خاوێن بێت. لەگەڵ ئەوەش هەمیشە کێشەی هەیە لەگەڵ باوکم لەسەر پاك و خاوێنی. ئەگەر چی چەندە خەریکی ماڵ و خۆمان بین ئەو بەهیچ جۆرێك لێمان رازیی نابێت.

ئەم کێشەیەی دایکم زۆربەمانی بێزارکردووە، خوشکە گەورەکەشم هەمان کێشەی دایکمی هەیە زۆرجار پێیدەڵێین کەئەمە گرفتە هەوڵبدات لە خۆی بکاتەوە، بەڵام ناتوانێت و هەمیشە لە گوماندایە لەو شتانەی کە بەریدەکەوێت ئیتر هەرشتێك بێت.

گرنگیدانی زۆر بەتەندروستیی خوود یەکێکی ترە لە نیشانەکانی وەسوەسیی. زور چوونە لای دکتۆر و زۆر هاوارکردن لە ئازار هەرچەندە هەوڵبدرێت و بەوەی بگەیەنیت کە ئازارەکە ئەوەندەش نییە، بەڵام ئەو دەیسەپێنێ بەسەر خۆیدا کە نەخۆشیێکی زۆر بەئازارە.

**ئاری ئەبوبەکر تەمەن ٢٣ ساڵە و ماوەی چەند مانگێکە نەشتەرگەریی کردووە. بەڵام هەستێکی زۆر ناخۆشیی تووش بووە و دەڵێت** «لە دوایی نەشتەرگەریەکەمەوە وا هەست دەکەم، ئازارەکەم زیاد دەکات چەندین جار سەردانی دکتۆرم کردووە، بەڵام دڵنیایە لە باشی تەندروستیم. لەم ماوەیەدا چوومە لای دکتۆرێکی دەروونی ئەو پێیوتم کە تووشی دەردی واسواسیی بووم و هیچ گرفتێکی ترم نییە. ماوەیەك باش دەبمەوە دواتر وام لێدێتەوە ناتوانم خۆم لەو گرفتە بهێنمە دەرەوە، بەتایبەت ئەو کاتانەی کە بیر لە نەشتەرگەرییەکە دەکەمەوە، چونکە پێش ئەوەی ئەو نەشتەرگەرییە بکەم زۆر دەترسام لە نەشتەرگەری، هەربۆیە تووشی گرفتی دەروونیش بومەوە، ئەگینا پێشتر باوەڕم بەوە نەبوو کە تووشی دڵەڕاوکێ و واسواسیی ببم.

**هەندێکجار کارەساتە دڵ تەزێنەکانیش هۆکارێکن بۆ ئەوەی مرۆڤ تووشی واسواسیی بکەن لە ڕێگەگرتن و بە پاساوی ڕوونەدانەوەی ئەو ڕووداوە، بۆیە دوای لەدەستدانی ئازیزێکیان هەمیشە لە کەسەکانی تر دەپرسنەوە، بەتایبەت دایکان و باوکان. لەو بارەیەوە مەریەم محەمەد کە پێشتر دوو منداڵی مردووە دەڵێت:** لەدوای لەدەست دانی شەهێنی کچم و سەروەری کوڕم کە باکارەساتی ئۆتۆمبێل لە ناوچوون، ئیتر لەو ساوە تا ئێستا توانای ئۆقرە گرتنم نەماوە، بە ڕۆژ بەو حاڵەوە دەمێنمەوە تا شەوانە هەمووان دێنەوە ناو ماڵ. هەر جارێك کە لەدەرگا دەدرێت، وا هەست دەکەم هەواڵێکی ناخۆشم پێدەگات، بۆیە لە جێگەی خۆم رادەچنم و دەمودەست ئۆقرەم لەبەر دەبڕێت، ئاخر ئازارێکی هێندە بە سوێم چەشتووە نامەوێت جارێکی تر دووبارە بێتەوە. بۆیە هەمیشە داوا لە منداڵەکان دەکەم کە ئەوەندە نەچن بۆ شوێنی دوور کە دەشچن هەتا دێنەوە ئیتر من شێت دەبم سەد تەلەفۆن دەکەم، سەد پرسیارم لا دروست دەبێت. بەهۆی ئەم گرفتە دەروونییەوە منداڵەکان چەندین دکتۆریان پێکردووم ماوەیەك باش دەبم بەڵام دوای ماوەیەك دیسان واملێدێتەوە. تەواوی منداڵەکانم بێزار کردووە بەم گرفتەمەوە.

پسپۆرانی تەندروستی ڕێنمایی خێزانەکان دەکەن لەوەی زۆر بەباشیی ئاگایان لەباری دەروونی ئەو کەسانە بێت کە تووشی وەسواسیی بوونە و ئاگاداریان دەکەنەوە کە بەهیچ جۆرێك هەوڵنەدرێت گاڵتەیان پێبکرێت و دڵیان رابگیرێت و هیچ کات بەتەنیا بەجێیان نەهێڵن، چونکە تا بەتەنیا بن زیاتر فشاری دەروونی زیاتریان بۆ دێت. **هەر لەو بارەیەوە پزیشکی شارەزا لە بواری نەخۆشییە دەروونییەکان شەهلا فەتاح ئاگاداری ئەو خێزانانە دەکاتەوە کە کەسێکیان هەیە دووچاری دڵەڕاوکێ و وەسواسی بووینە کە:** باشترین چارەسەر بۆ ئەو جۆرە کەسانە ئەوەیە کە بە زووترین کات سەردانی پزیشکی پسپۆریان پێبکەن بۆ ئەوەی هەرچی زووترە بتوانرێ دەستنیشانی نەخۆشییەکەیان بۆ بکرێت و سەرچاوە و هۆی نەخۆشییەکەیان بۆ بدۆزرێتەوە، تاوەکو بتوانرێ چارەسەری پێویست و وردی بۆ دابنرێت. چونکە جاری وا هەیە دڵەڕاوکێیەکە سووك و سادەیە پێویستی تەنیا بە چەند ڕێنماییەکی پزیشکی هەیە، جاری واش هەیە ئەگەر زوو چارەسەری بۆ نەکرێت ڕەنگە لێی پیس بکات و تەواو حاڵی تێکبدات و پێویستی بە خەواندن هەبێت لە نەخۆشخانە و بخرێتە ژێرچاودێری و چارەسەری پزیشکی درێژخایەن.

# مروڤ بەبێ خۆ جـــ
# کوڕانیش حەز دەکەن وەک

**جوانکاری و ماکیاژ کردن سیمای مرۆڤی سەردەمە و دەتوانین بڵێین بۆتە بەشێك لە ژیانی هەر تاکێك. ئەمە بۆ کیژان راستییەکی حاشاهەڵنەگرە، بەڵام ئەوەی کە جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە ئێستا بە شێکی زۆری کوڕانی گەنجیش بەشێوەیەك لە شێوەکان و وەك شتێکی زۆر ئاسایی خۆیان جوان دەکەن و تەنانەت کەرەستەی جوانکاری و ماکیاژیش بەکاردێنن. گەنجان بەهەردوو رەگەز ئەگەر بەهەر بیانویەك بێت خۆیان بە جۆرەها شێوە ماکیاژ و بە بەکارهێنانی جۆرەها کەرەستەی جوانکاری، جوان دەکەن. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا شتێکی ئاساییە کە کوڕانیش خۆیان جوانبکەن دەکەن ؟ بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە ئەم ریپۆرتاژەمان ئامادەکرد...**



(( زۆر ئاساییە ئەگەر کوڕیش وەك کچ هەوڵی جوانکردنی روخساری خۆی بدات و خۆی جوان بکات..)) ئەمە سەرەتای قسەکانی (ئاراس مەحمود ) ی قوتابی (کۆلێژی ئاداب ـ زاکۆی سەلاحەدین ) بوو، کە داکۆی لەوە دەکات کە کوڕیش هەقی ئەوەی هەیە خۆی جوان بکات و تەنانەت کەرەستەی ماکیاژ و جوانکاریش بەکاربێنی. (ئاراس) درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێ: هەموو بەیانیەك بەر لەوەی بچمە کۆلێژ خۆم بە جوانی پۆشتە دەکەم و بایەخێکی زۆر بە رووخسارم دەدەم. بۆخۆم کەرەستەی ماکیاژی خۆم هەیە. بەڵام وەنەبێ ماکیاژ کردنم بەشێوەیەك بێ وەك کچێك دەرچم، نا نا، بەڵکو کەرەستەکان رەنگی زۆر کاڵ و تەنکن ئەگەر زۆر باش ورد نەبییەوە نازانیت ئەو کەسە کەرەستەی ماکیاژی بەکار هێناوە.

( نیاز کمال ) کە تەمەنی ٢٣ ساڵە بە بەڵێندەرایەتییەوە سەرقاڵە و دەڵێت: من وەك کورێك بەلامەوە ئاسایی بوو جوانکاری لەرووخسارمدا بکەم، هەرچەند لەناو خەڵکدا بەراشکاوی باسم لەوە نەکردووە کە جوانکاریم لە رووخسارمدا کردووە. نەشتەرگەرییەکم بۆ لووتم کرد و لای پزیشکی ددانیش دوو ددانی پێشەوەم تۆزێك هاتبونە دەرەوە و راستم کردنەوە. ئیتر زۆر گەنجی دیکەش هەن هەر یەکەی بەجۆرێ جوانکاری لە دەموچاوی خۆیدا کردووە و دەکات. بەڵام سەبارەت بە ماکیاژ کردنیش، ئەوە ئەمرۆ هەر بۆتە شتێکی زۆر ئاساییە لای کوڕن ئەوجا هەیە جوانکارییەکە لە چاککردن و جوانکردنی برۆی خۆی دەبینێتەوە، هەیە تەنکە ماکیاژێکی کوڕانە دەکات، هەشە سەر و قژی بەستایلێکی تازە و گەنجانە دادەهێنێ و هەندێ ملوانکە و ئەنگوستیلەی زیو و بازنەیەکی لاستیك لەدەستی دەکات. بەکورتی

# ـــوانکردن هەڵناکات
# کچان خۆیان جوان بکەن



هەر کــورە و بە جۆرێك دەردەکەوێ. هەشــە دەچێتە لای پزیشکی پســپۆری جوانکاری و نەشــتەرگەری جوانکاری بۆ لووتی یا تاخمی ددانی یا لێوی دەکات. ( تارا عەزیز) قوتابی زانکۆیە و دەڵێ: هیچ نەنگییەك لەوەدا نابینم کــە کوڕیك ببینم بایەخێکی زۆری بە خۆ داوە و قژی بە ســتایلێك داهێناوە و تەنانەت ئەگەر برۆشــی کردبێت کە زۆرێك لە کوڕان برۆشیان دەکــەن. چی تێدایە با ئەوانیــش خۆیان جوان دەربخەن. (شێنێ ســەڵاح) ئەویش کە قوتابی پەیمانگای پزیشــکییە لە هەولێر و پێیوایە کە خۆ جوانکردنی کچ هەقێکــی ڕەوای خۆیانە و کوڕیش بەم شــێوەیە. بەڵام بەمەرجێ کوڕان نەبنە کۆپی دووەمی کچان و وەك کچ ماکیاژ و ئەو شتانە نەکەن. ئەو دەڵێ من کوڕم بینیوە بــرۆی کردووە و تەنکە سووراویشــی لە لێو و گۆنای داوە و برۆشی کردووە و نازانم چیتری کــردووە، کە هەر تۆزێك لێینزیــك ببیەوە پێی دەزانی، ئەمە بەڕای من دەرچوونە لە ئەســڵی ڕەگەزەکەی خۆت. پێمخۆشــە کوڕ هەمیشــە زۆر جوان دەربکەوێــت بەڵام کوڕانە بمێنێتەوە. (تریفە وسوو) کچێکی ٢٣ساڵەی فەرمانبەرە و خۆ جوانکردنی کچان بە شــتێکی زۆر ئاسایی دادەنێت و دەڵێ: چــی تێدایە ئەگەر کوڕیش خۆی جوان بکات. بڕوات هەبێ زۆربەی کچان حەزدەکەن کوڕی جوان بناســن. کوڕێك ئەگەر برۆی خــۆی کردبێت یا ســووراوێکی کەم و تەنکــی لە لێوی خۆیدابێــت و برۆی کردبێت زۆر جوانتر دە ردەچێــت لەو کوڕەی کە هیچ بایەخێکی بە خۆی نەداوە. لەبیریشمان نەچێت سی ســاڵ پێش ئێستا وەك لە خەڵکیم بیستووە گەنجانی ئەوسا جۆرەها مۆدیلیان لەبەر کردووە و بە جۆرەها ســتایلی ئەوکاتــی خۆیان جوان کــردووە جا ئەو کاتی بۆ عەیــب نەبووبێ بۆ ئێستا وەك عەیبە تەماشای بکرێت.

(رزگار نوری ) وەك توێژەرێکی کۆمەڵایەتی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە سەیرکردنی ئاوێنە و ڕووانین لەروخسار، هاندەرە بۆ جوانکاریکردن لە ڕووخســار بەتایبەت کە لەنێو گەنجاندا زۆر بڵاوبۆتەوە.هەریەکێك لەئێمە لەلایەن پــەروەردگارەوە جۆرێك لەرووخســارێکی تایبەتمان هەیە بۆیە هیــچ کام لە مرۆڤەکان کتومت لەیەکتر ناچن، ڕەگەزی مێ جوانکاری لەرووخسار و سنگدا، دەکەن هەرچەندە هەیانە بۆ مەرامی تایبەتی دەیکات، بەهەمان شێوەش بۆ تەندروستی دەکرێت، بەڵام ئەوەندەی بۆتە چاولێکەری و مۆدێلات ئەوەندە بۆ لایەنی تەندروستی بەکارناهێنرێت.

پزیشکەکانی جوانکاری ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کەزۆرترین جوانکاری دەکرێت لە ئەندامی لوتدایە، کەمتر ئەندامەکانی دیکە جوانکاری تێدا دەکەن، ئەمەش وەك چاولێکەریەك بۆ ئەو هونەرمەندە کچانەی کە دەبینین زۆرترین نەشتەرگەری جوانکاری دەکەن.

لەئەنجامــی کاریگــەری کۆمەڵگەکانــی دیکــە بەســەر خەڵکدا لەرێگــە کەناڵەکانــی ڕاگەیاندنەوە زیاتر نەشــتەرگەری جوانکاری وەك شتێکی ئاسایی ڕۆیشتووە، دەبینین کە ڕەگەزی مێ زیاتر حەز دەکەن لەوپەری جوانیدابن، تا دوا چرکەکانی ژیان هەمان ئەو بیرکردنەوەیان هەیە.

لەکۆمەڵگەی کوریــدا، ئەگەر جوانکاری بوبێتە ئارەزوویەکی گەنجان، ئەوا هێشــتا لەرووی دارایییەوە گرفتیان هەیە،یاخود ترس و دوو دڵیەکیان هەیە لەبەرامبەر ســەرکەوتنیان لەنەشتەگەری جوانکاریدا، هەروەك خاتوو (کوێستان مەجید) کە لەسەنتەری جوانکاریدا کاردەکات و دەڵێ: زۆربەی کچان بۆ جوانکاری دەم و چاویان سەردانمان دەکەن، وەك دروســتکردنی برۆ بە شــێوەی تاتــۆ بەتایبەت دروســت بوونی ئەو موە زیادەی لەروخساریاندا دروست دەبێت، هەرچەندە خراپ بەکارهێنانی دەرمانی جوانکاری هۆکارێکی ســەرەکییە بۆ دروســت بوونی پەڵەو زیبکە، ئەمەش لەســەر روخســار بەجێدەمێنێت،بۆ لابردنی پێویســتیان بەبەکارهێنان جوانکاری پێســت دەبێت.بەرێژەی ڕەگــەزی مێ، ڕەگەزی نێریش سەردانمان دەکەن و جوانکاریان بۆ ئەنجام دەدەین.

بەپێی ئەو زانیاریانەی کە پســپۆرانی جوانکاری باســی لێــوە دەکەن، هەڵبژاردنی جۆری ئەو خواردنانەی کە مرۆڤ ڕۆژانە دەیــان خوات، هاوکات ئەو بەرنامە وەرزشــیەی کە پێویســتە هەموو ڕۆژێك ئەنجام بدرێت هۆکارێکی کاریگەرن بۆ جوان مانەوەی رووخســاری مرۆڤەکان. ئەوەندەی تێبینی دەکرێت، بەپێی هۆشیاری و تێگەیشتنی خەڵك بۆ تەندروستی ڕەچاوی ئەو ڕێنمایانە ناکرێت، بۆ پاراســتنی تەندروستی و هێشتنەوەی جوانیەکانی روخسار.

# ئایا جوانی رووخسار و بوونی سامان خۆشبەختی دروستدەکات؟



جوانی و دەوڵەمەندی زۆرجار بوونەتە بنەمایەکی سەرەکی بۆ هاوسەرگیریی، چونکە زۆرێك لەکچان ئاواتەخوازن کوڕان ئەم دوو خاڵەیان تێدا هەبێت، ئەگەر ئەو دوو داواکارییەیان بۆنەهێننەجێ، ئەوا بە نەخێر وەڵامیان دەدەنەوە. ئەو جۆرە کچانە پێیانوایە کە خۆشبەختی لەپارە و رووخساری جواندایە. لێرەوە دەکرێت بپرسین بۆچی کچان هەمیشە بەدوای کوڕێکدا دەگەڕێن کە یەکێك لەو دوو داواکارییەیان تێدابێت و گرنگی بەلایەنی رۆشنبیری نادەن؟ ئایا کوڕانیش بەهەمان شێوە بیردەکەنەوە؟ لەم ئانەدا تاچەند هەردوو رەگەز توانیویانە لەو هەڵبژاردنەیاندا خۆشبەختی دەستەبەربکەن؟ بۆ وەرگرتنی بۆچونی هەردوو رەگەز، لەسەر ئەم تەوەرە ئەم راپۆرتەمان سازکرد...

ناسك سەعید - سلێمانی

**(گەشاو عباس) وەك قوتابیەکی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، جۆری بیرکردنەوەی کچانی نێو زانکۆمان بۆ بەیان بکات و لە پێوەند بەم باسەوە دەڵێت:** لەناو زانکۆدا ئەوەی گرنگە لای کچان ئەوەیە دەبێت ئەو کوڕەی وەك( دۆستێك ـ کەپلێك) هەڵیدەبژێرێت، لەرووخساردا جوان و سەرنجڕاکێش بێت و لەباری ئابووریشدا خاوەن ئابوورییەکی بەرز بێت، ئەمەش بۆ هەموو کەس رێناکەوێت، بەڵام کوڕانیش ئەوە بەهەند وەردەگرن کە کچان جوان و دیار بن، نموونەی ئەو کەسانە لەدوای هاوسەرگیریەکەدا دەرکەوتووە کە تاچەند لێکتێگەیشتن و خۆشەویستی لەنێوانیاندا هەیە و توانیویانە ببنە نموونەی خێزانی بەختەوەر.

لەبەرامبەر بۆچوونەکەی (گەشاو) دا، **(کاردۆ عومەر)یش وەك قوتابی زانکۆ، باس لەوە دەکات کە:** لەزانکۆ و پەیمانگاکاندا، کچان زۆر گرنگی بەکوڕی جوان و بەتایبەت خاوەن سەروەت و سامان دەدەن، هەمیشە ئەو کوڕانە زیاتر لەلایەن کچانەوە هاوڕێیەتی دەکرێن، هەرچەندە کوڕانیش ئەوە دەزانن کە کچان لەبەر جوانی یاخود دەوڵەمەندییە خۆیان لێنزیك دەکەنەوە، گرنگی بەکوڕێك نادەن کە ڕۆشنبیر یاخود زیرەك بێت، بەڵام لەبەرئەوەی کچ زیاتر سەرنجڕاکێشترە تا کوڕ، بۆیە زۆرجار ئەو کوڕانەی کە جوانن بەهەمان شێوە بەدوای کچی جواندا دەگەڕێن و پەسەندیان دەکەن.

بۆچوونەکان چ هی کچان بێ و چ کوڕانیش بێ لەمەڕ ئەم پرسە جیاوازن، هەر بۆیە (ژینۆ والی) پێچەوانەی هەردوو قوتابی (گەشاو و کاردۆ ) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە: مەرج نییە هەموو کچێك گرنگی بەجوانی و دەوڵەمەندی کوڕ بدات، بەپێچەوانەوە هەندێك کچ بیرکردنەوەیان جیاوازە و خۆشەویستی و بوونی متمانە لەنێوانیاندا خاڵێکی جەوهەرییە و پشتی پێدەبەستن، لەسەرەتای هاوسەرگیریدا کچان وەك نەریتێك داوای ئاڵتون و ماڵی جیا دەکەن، بەڵام هاوکات داوای ئەوەیان لێدەکەن کە دڵپیس و ڕەزیل نەبن، کەواتە ئەوە دەزانن کە خۆشبەختی لەرووخسارو پارەدانییە و تەنانەت بەشێوەیەکی ڕەها ناتوانێت دروستشیان بکات.

دەڵێن کاسەی پڕ ئاشتی ماڵە، ئەم پەندە **(شۆخان عەبدوڵڵا)بۆ پاڵپشتی قسەکانی خۆی دەیهێنێتەوە و پێیوایە:** ئەو خێزانانەی دەوڵەمەندن زیاتر خۆشبەخترن لەخێزانە هەژارەکان، چونکە بەدەست نەبوونیەوە گیرۆدە نەبوون و گرفتەکانی ژیان نارەحەتیان ناکات، بەڵام خێزانە هەژارەکان زۆرجار لەبەر گرفت و ناخۆشییەکان بیر لەژیانی خۆیان ناکەنەوە، تەنانەت بەویستی خۆیان خواردن ناخۆن و پۆشاکی جوان ناکڕن، بۆیە کچانیش هەوڵ دەدەن شوو بەکوڕی دەوڵەمەند بکەن، ئینجا ئەگەر جوانیش بێت باشترە. زۆرێك لەکچی جوان دەبینین شووی بەکەسێك کردووە کە وەك خۆی نییە و هاوکوفی ئەو نییە، بەڵام لەبەرئەوەی سەروەت و سامانی هەیە، قبوڵی دەکات.

توێژەرانی کۆمەڵایەتی ئاماژە بۆئەوە دەکەن کە لەئێستادا لەهاوسەرگیریدا وەك مۆدێلێکی لێهاتووە کە دەبێت لانی کەم کوڕان ماڵێکی باش و ئاڵتونێکی زۆر بۆ کچان بکەن، بەبێ ئەوەی هەست بەوە بکەن کە ئەگەر توانای دارایی باش نەبێت چۆن دەتوانێت لەدواییدا ژیانێکی ئاسوودە فەراهەم بکات، لەگەڵ ئەمانەشدا مەرج نییە هەموو کچێك بەوشێوەیە بێت، بەڵکو گرنگی بەلایەنی ڕۆشنبیری و ئاکاری کوڕەکە دەدات و هەوڵدەدات لەکاتی پێکەوەنانی خێزانەکەیاندا هاوکارێکی باش بێت، چونکە تێدەگات لەوەی کە لەدواییدا ئەوە خۆیانن تووشی کێشەی دارایی دەبنەوە و ناتوانن بەئاسوودەیی بژین.

ئەم بیرکردنەوانە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت، ئەوەی کە گرنگە ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە کە لایەنی ڕەوشت و ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیاری بکرێتە پێوەر بۆ هاوسەرگیری، نەك لایەنی مادده و رووخسار، چونکە بەتێپەڕبوونی کات جوانی رووخسار بەرەو گۆڕان و شێوان و تێکچوون دەچێت و پێدەچێت سەروەت و سامانیش بەردەوام نەبێت، ئەوەی دەمێنێتەوە خۆشەویستی و ڕاستگۆیی و جوانییەکانی دیکەی ژیانی نێوان ئەو دوو کەسەیە، بۆیە گرنگە بەبیرکردنەوەیەکەی دیکە لەم مەسەلەیە بڕوانین و بیر لەداهاتوو بکەینەوە.





# هەڵوەرینی گوڵێک لەناو گۆمێکی لیخندا..

(ع): کچێکـــی هەرزەکاری جوانبوو، باوکی فەرمانبەربوو لەیەکێـــك لە فەرمانگاکاندا و دایکیشی مامۆستابوو، لەخێزانێکی تابلێی ڕێکوپێـــك و باشـــدا دەژیا، کـــە تەمەنی گەیشـــتە نزیکەی چواردە ساڵ بەهۆی برادەرێکیەوە دوکاندارێکی فرۆشـــتنی ماکیـــژی ئافرەتانـــی ناســـی. لێرەوە چیرۆکەکـــە دەســـتپیدەکات. ئیتر با خۆی بەســـەرهاتەکەی باس بکات، (ع) بەمشێوەیە قسەی کرد و وتی:

سەرەتا وەك هەموو کچێکی سەرئەم زەمینە حەزو ئارەزووەکانم دەبزواو دەمویست وەك هەموو کچەکانی تری هاوتەمەنم لەگەرەك و قوتابخانە ماکیاژو جلوبەرگی جوان لەبەر بکەم و تاموچێژی گەنجێتی ببینم.

رۆژێکیان کچێکی دراوسێمان کەباوکی نەمابوو زۆر هەژاریش بوون، دایکی زۆر هاورێی دایکم بوو، کچەکەش لەگەڵ دایکیدا دەهاتە ماڵمان زۆر خۆی لەمن نزیك دەکردەوە، هەرچەندە دراوسێکانی تر ئاگاداریان کردمەوە کەماڵی ئەوکچە ناوبانگی کۆمەڵایتیان باش نییە، بەڵام من بەزەیم بەو بە کچەکەدا دەهاتەوەو بەیەکەوە دەچووین بۆقوتابخانە. زۆرجار دەهات بەیەکەوە لەبەر دەرگا دادەنیشتین یان بەیەکەوە دەچووین بۆ پارکەکان و بازاڕ و کچەکەی هاورێم بەمنی وت دوکاندارێکی ماکیاژو جلوبەرگی ئافرەتان هەیە کە ناسیاومانە بابچین شتومەك لەو بکڕین. ئیتر هەندێکجار بەیەکەوە دەچووین بۆلای پیاوەکە، زۆر زمان شیرین و قسە خۆش بوو، تەمەنی نزیکەی (٢٠) ساڵ دەبوو لەگەڵ کچەکەی برادەرمدا قسەی خۆشیان دەکرد و ماکیاژ و جلوبەرگی بەهەرزان پێشکەش دەکرد و هەندێکجار باسی سێکسیان دەکرد و تەنانەت جارهەبوو پیاوەکە دەستبازی و ماچی کچەکەی دەکرد و کچەکە هیچ شەرمی نەدەکرد، کەئەم جۆرە شتانەیدەکرد. بەپێکەنینەوە دەگەڕاینەوە، بەمنی دەوت ژیان هەروایە و دەبێت من ئەو کارانە لەگەڵ ئەوپیاوەدا بکەم لەبەر ئەوەی کە ماکیاژو جلوبەرگم بەبەلاش پێشکەش دەکات. هانی منیشی دەدا بۆ ئەوشتانە و منیش تەمەنم هەرزەکار بوو زۆرریش لەتەلەفیزیۆندا و بەتایبەتی لەتەمسیلە دۆبلاژکراوەکاندا ئەو شتانەم دیبوو، حەزم دەکرد تامی بکەم، بەڵام خۆم رادەگرت. تا لەئەنجامدا رۆژێکیان کابرای دوکاندار کەوتە قسە لەگەڵمدا و قەناعەتی پێکردم کاری سێکسی لەگەڵدا بکەم بەرامبەر بەوەی کە ماکیاژی گرانبەهام پێشکەش بکات. سەرەتا رازی نەبووم، بەڵام دواتر لەبەر ئەوەی کە ماکیاژەکانی زۆر جوان بوون قەناعەتم پێکرا لەلایەن ئەو پیاوە تاوانبارە و کچەکەی دراوسێمان وەك شەیتان منیان خستە ناو کاری سێکسییەوە و رۆژانە لەگەڵ ئەو کچەدا دەرۆیشتم بەناوی ئەوەی کە بۆماڵی ئەوان دەچم، بەڵام لەوێ خۆم دەگۆڕی و دەچووین بۆ بازاڕ بۆلای ئەو دوکاندارە، تا لەئەنجامدا گوڵی کچێنیم هەڵوەری و لەرێگەی راست لامدا. رۆژانە لەبەرامبەر کاری سێکسی پارە و ماکیاژی دەدامێ و پیاوە تاوانبارەکە وێنەمی بەمۆبایل دەگرت و دەیوت ئەو وێنانە بەکەس پیشان نادەم تەنیا بۆ خۆشی خۆمان دەیگرم، بەڵام دواتر بیستم کەوێنەکەم بەبلوتۆس بڵاوکراوەتەوە. دوای ماوەیەك کابرای دوکاندار منی دەبرد بۆ لای چەندین پیاوی تر، هەرجارەو چەند برادەرێکی خۆی دەهێنا بۆ ئەوەی کاری سێکسیم لەگەڵدا بکەن. پاش ماوەیەك ماڵەوە بەم کارەمیان زانی، ویستیان رزگارم بکەن لەم کارە، بۆیە ماڵەکەمان بردە گەڕەکێکی تری شاری هەولێر. باوکم، من و دایکمی ناچارکرد کەپێوەندی لەگەڵ ئەوماڵەدا بپچڕێنین کە منیان تووشی ئەم کارە کردبوو. دوای ماوەی کەمتر لەساڵێك باوکم کۆچی دوایی کرد، باری ئابووریمان بەتەواوی شێوا، دایکیشم لەبری ئەوەی هاوکاریمان بکات، هانی دەدام بۆ ئەوەی پارە پەیدابکەم، چونکە براکانم لەمن بچووکتر بوون. کەوتە سەردانکردنی ماڵی ئەو کچەی کە پێشتر سەردانم کردبوو، تا لەئەنجامدا کەوتمەوە ناو کاری سێکسی، بەڵام ئەمجارەیان زۆر بەشێوەیەکی ترسناك، چونکە دایکیشم هانی دەدام بۆ ئەم کارە ناپەسەندە. ئیتر منیش بۆم دەرکەوت کەتەواو ناوبانگم زڕاوەو بڕیارمدا کە لەگەڵ چەند کەسێکی تریشدا پێوەندی سێکسی ببەستم و ئەو پیاوانەی کە سەردانم دەکردن جۆراوجۆر بوون، لەوانە یەکێکیان دوکانی جلوبەرگی ئافرەتانی هەبوو لەناو بازاڕدا ئەوەی تریان چاککەرەوەی ئۆتۆمبێل بوو، واتە فیتەر بوو، یەکێکی تریان وێنەگر بوو. ئەمانە هەموو بەمن فێربوون و کاری رۆژانەی من بوو بەکاری سێکسی. بەتەواوی بوومە ئافرەتێکی لەشفرۆش رۆژانە پیاوان سەردانی ماڵەوەیان دەکردین، تا لەئەنجامدا لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کراین. ئێستا من تاوانبارم، چونکە لەشفرۆشم هەردوو دنیام دۆڕاند و هیچ بوونێك لە ژیانمدا نییە، چونکە ئافرەتی لەشفرۆش زۆر لە کاڵایەکی بێنرخ کەمترە، لەبەر ئەوەی کاڵا تەنیا یەك کەس دەیکڕێت، بەڵام لەبەرامبەر پارەیەکی کەم دا هەموو پیاوێك دەتوانێت بمانبات و بمانکرێت و وەك ئاژەڵێکی دڕندە مامەڵەمان لەگەڵدا بکات.

# چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەوانە بکەین کە لەنێو خێزاندا دوچاری دڵەڕاوکێ و وەسواسی هاتوون؟

**وەسواسی یان بەکوردییەکەی دڵەڕاوکێ وەك زۆربەی نەخۆشییە دەروونییەکانی تر چەندین گریمانەو لێکدانەوەی بۆ کراوە، هەندێك لە زاناکان لەسەر ئەو بڕوایەن وەسواسی لە ڕێگەی لاسایکردنەوە لە باوانەوە بۆ وەچەکانیان دەگوازرێتەوە، بەڵگەشیان ئەوەیە کە زۆربەی ئەندامانی ئەو جۆرە خێزانانە تووشی مەراق و وەسواسی دەبن. زۆرجاریش هۆکاری بۆماوەیی ڕۆڵی دەبێ لە گواستنەوەی ئەم نەخۆشییە. هەندێکیش لە زانایانیش هۆکاری ئەم نەخۆشییەیان پابەندی پێکهاتەی دەروونی تاکەکان کردوون. بەهەرحاڵ، هۆکارەکان هەرچییەك بن، بوونی کەسانێکی وەها لەناو خێزاندا کێشەیەکی ئاڵۆزە بۆ ئەندامانی ئەو خێزانە. لەم ڕیپۆرتاژەدا هەوڵدەدەین ئەم کێشەیە بخەینە بەر باس...**

سەرتا تریفە ئامانج تەمەنی ١٦ساڵەو لەو بارەیەوە دەڵێت: کە منداڵ بووم دایکم ئەم گرفتەی هەبوو، تا کۆتایی نان خواردن چەندین جار لەسەر سفرە دەمانێرێتەوە بۆ دەست شۆرین، چونکە ناتوانێت دڵنیابێت لەوەی کە من و خوشك و براکانم دەستمان خاوێن بێت. لەگەڵ ئەوەش هەمیشە کێشەی هەیە لەگەڵ باوکم لەسەر پاك و خاوێنی. ئەگەر چی چەندە خەریکی ماڵ و خۆمان بین ئەو بەهیچ جۆرێك لێمان ڕازیی نابێت.


ئەم کێشەیەی دایکم زۆربەمانی بێزارکردووە، خوشکە گەورەکەشم هەمان کێشەی دایکمی هەیە زۆرجار پێیدەڵێین کەئەمە گرفتە هەوڵبدات لە خۆی بکاتەوە، بەڵام ناتوانێت و هەمیشە لە گوماندایە لەو شتانەی کە بەریدەکەوێت ئیتر هەرشتێك بێت.

گرنگیدانی زۆر بەتەندروستیی خوود یەکێکی ترە لە نیشانەکانی وەسوەسیی. زور چوونە لای دکتۆر و زۆر هاوارکردن لە ئازار هەرچەندە هەوڵبدرێت و بەوەی بگەیەنیت کە ئازارەکە ئەوەندەش نییە، بەڵام ئەو دەیسەپێنێ بەسەر خۆیدا کە نەخۆشێکی زۆر بەئازارە.

ئاری ئەبوبەکر تەمەن ٢٣ ساڵە و ماوەی چەند مانگێکە نەشتەرگەریی کردووە. بەڵام هەستێکی زۆر ناخۆشیی تووش بووە و دەڵێت «لە دوایی نەشتەرگەریەکەمەوە وا هەست دەکەم، ئازارەکەم زیاد دەکات چەندین جار سەردانی دکتۆرم کردووە، بەڵام دڵنیایە لە باشی تەندروستیم. لەم ماوەیەدا چوومە لای دکتۆرێکی دەروونی ئەو پێووتم کە تووشی دەردی واسواسیی بووم و هیچ گرفتێکی ترم نییە. ماوەیەك باش دەبمەوە دواتر وام لێدێتەوە ناتوانم خۆم لەو گرفتە بهێنمە دەرەوە، بەتایبەت ئەو کاتانەی کە بیر لە نەشتەرگەرییەکە دەکەمەوە، چونکە پێش ئەوەی ئەو نەشتەرگەرییە بکەم زۆر دەترسام لە نەشتەرگەری، هەربۆیە تووشی گرفتی دەروونیش بومەوە، ئەگینا پێشتر باوەڕم بەوە نەبوو کە تووشی دڵەڕاوکێ و واسواسیی ببم.

هەندێکجار کارەساتە دڵ تەزێنەکانیش هۆکارێکن بۆ ئەوەی مرۆڤ تووشی واسواسیی بکەن لە ڕێگەگرتن و بە پاساوی روونەدانەوەی ئەو ڕووداوە، بۆیە دوای لەدەستدانی ئازیزێکیان هەمیشە لە کەسەکانی تر دەپرسنەوە، بەتایبەت دایکان و باوکان. لەو بارەیەوە مەریەم محەمەد کە پێشتر دوو منداڵی مردووە دەڵێت: لەدوای لەدەست دانی شەهێنی کچم و سەروەری کوڕم کە باکارەساتی ئۆتۆمبێل لە ناوچوون، ئیتر لەو ساوە تا ئێستا توانای ئۆقرە گرتنم نەماوە، بە ڕۆژ بەو حاڵەوە دەمێنمەوە تا شەوانە هەموان دێنەوە ناو ماڵ. هەر جارێك کە لەدەرگا دەدرێت، وا هەست دەکەم هەواڵێکی ناخۆشم پێدەگات، بۆیە لە جێگەی خۆم رادەچنم و دەمودەست ئۆقرەم لەبەر دەبڕێت، ئاخر ئازارێکی هێندە بە سوێم چەشتووە نامەوێت جارێکی تر دووبارە بێتەوە. بۆیە هەمیشە داوا لە منداڵەکان دەکەم کە ئەوەندە نەچن بۆ شوێنی دوور کە دەشچن هەتا دێنەوە ئیتر من شێت دەبم سەد تەلەفۆن دەکەم، سەد پرسیارم لا دروست دەبێت. بەهۆی ئەم گرفتە دەروونییەوە منداڵەکان چەندین دکتۆریان پێکردووم ماوەیەك باش دەبم بەڵام دوای ماوەیەك دیسان واملێدێتەوە. تەواوی منداڵەکانم بێزار کردووە بەم گرفتەمەوە.

پسپۆرانی تەندروستی ڕێنمایی خێزانەکان دەکەن لەوەی زۆر بەباشیی ئاگایان لەباری دەروونی ئەو کەسانە بێت کە تووشی وەسواسیی بوونە و ئاگاداریان دەکەنەوە کە بەهیچ جۆرێك هەوڵنەدرێت گاڵتەیان پێبکرێت و دڵیان رابگیرێت و هیچ کات بەتەنیا بەجێیان نەهێڵن، چونکە تا بەتەنیا بن زیاتر فشاری دەروونی زیاتریان بۆ دێت. هەر لەو بارەیەوە پزیشکی شارەزا



لە بواری نەخۆشییە دەروونییەکان شەهلا فەتاح ئاگاداری ئەو خێزانانە دەکاتەوە کە کەسێکیان هەیە دووچاری دڵەڕاوکێ و وەسواسی بووینە کە: باشترین چارەسەر بۆ ئەو جۆرە کەسانە ئەوەیە کە بە زووترین کات سەردانی پزیشکی پسپۆریان پێبکەن بۆ ئەوەی هەرچی زووترە بتوانرێ دەستنیشانی نەخۆشییەکەیان بۆ بکرێت و سەرچاوە و هۆی نەخۆشییەکەیان بۆ بدۆزرێتەوە، تا وەکو بتوانرێ

چارەسەری پێویست و وردی بۆ دابنرێت. چونکە جاری وا هەیە دڵەڕاوکێیەکە سووک و سادەیە پێویستی تەنیا بە چەند رێنماییەکی پزیشکی هەیە، جاری واش هەیە ئەگەر زوو چارەسەری بۆ نەکرێت رەنگە لێی پیس بکات و تەواو حاڵی تێکبدات و پێویستی بە خەواندن هەبێت لە نەخۆشخانە و بخرێتە ژێرچاودێری و چارەسەری پزیشکی درێژخایەن.

# چاوان و زەبری

چاوان، ئەو کچەی هەروەك هاورێکانی باسیان دەکرد کە چەند کچێکی گونجاو بووە لەرووی مامەڵەو هاورێیەتیەوە، بەڵام ئەو بڕیارەی کە دابووی بووە هۆی کۆتایی هاتن بەژیانی، نەمزانی چۆن بیری لێکردۆتەوە.

هەموو کەسێك لەژیانیدا بەرنامەیەکی تایبەتی هەیە و هەوڵی بۆ دەدات، یەکێك لەو بەرنامانە پرۆسەی خوێندنە، خوێندن باشترین ڕێگەیە بۆ بەدەستهێنانی داهاتوویەکی باش، بەڵام ئایا لەقۆناغەکانی خوێندندا دەگەینە چ ئاستێك؟ ئەمە پێویستی بەکۆشش و ماندوبوونێکی زیاتر هەیە، سەرنەکەوتن لەیەکێك لەقۆناغەکانی خوێندن نیشانەی ئەوە نییە کە مرۆڤێکین ناتوانین ئاستەکانی دیکە ببڕین، هەرچەندە ئەمە لەلای هەموو کەسێك بەو شێوەیە نییە، بۆیە کاتێك ژیان و بیرکردنەوەی چاوان دەخوێنینەوە، دەبینین مرۆڤێك هەبووە کە زۆر پەرۆشی خوێندن بووە، بەڵام خێزانەکەی ئەم پەرۆشیەی نابینن:

## مردنی دایکی چاوان

خێزانی چاوان، خێزانێك بوون کە لەرووی داراییەوە زۆر باش نەبوون، نەهامەتییەکانی ژیان بۆ چرکەساتێکیش بەرۆکی ئەم خێزانەی بەرنەداوە، یەکە بەیەکەی ئەم خێزانەی کردۆتە کەسێکی ئیشکەر و خەمخۆر بۆ پارووی ڕۆژێکیان، باوکی چاوان کە بەکاری کرێکارییەوە سەرقاڵ بووە بۆداهاتێکی کەم، هەروەها دایکیشی بۆئەوەی بژێویان باشتر بێت، بڕیار دەدات دەست بکات بە نان کردن بۆ ماڵان، گێلاس کە دایکی چاوانە، بۆماوەی زیاتر لەساڵێك نانکەری دەکات و لانی کەم خەرجی ڕۆژانە لەسەرشانی مێردەکەی لادەبات.

لەبەیانیەکی زوودا لەکاتی خۆئامادەکردن بۆ نانکردنی ماڵێك بەهۆی گڕگرتنی پەرەمێزەکەوە، دایکی چاوان ئاگر لەجەستەی بەردەبێت و زۆر بەسەختی دەسووتێت، پاش مانەوەی بۆ چەند ڕۆژێك لەنەخۆشخانە گیان لەدەست دەدات.

بێگومان خێزانێك کە هێشتا مناڵەکانی بچووکن پێویستیان بەکەسێك هەیە خزمەتیان بکات، باوکی چاوان بیر لەژن هێنان دەکاتەوە تا ئەو پێنج منداڵەی کە هەیەتی بۆی پەروەردە بکات، کە باوکی چاوان ژنی هێنا، چاوان لەپۆلی دووی ناوەندی بوو.

هاتنی کەسێکی تر بۆ ناو خێزانێك بۆ جێگرتنەوەی دایك شتێکی قورسە و هەروا بەئاسانی قبوڵ ناکرێت، جگەلەوەی باوەژنەکەیان چەندە بیانووی بە باوکی چاوان و مناڵەکان دەگرت، بەڵام هەر قبوڵیان بوو، ئەم خێزانە دووبارە وەك پێشوو نەهامەتی بێ پارەیی یەخەی گرتنەوە، بەڵام ئەمجارەیان باوەژنەکەیان نانکەری بۆ ماڵان ناکات، بەڵکو بیر لەوە دەکاتەوە، منداڵەکانی واز لەخوێندن بهێنن و بچن لەبازاڕ کارێك بکەن. ئەم بیرکردنەوەیە لەلایەن باوکی چاوانەوە شتێکی باش نەبوو، چونکە هەموو خەمی ئەو تەواوکردنی خوێندنە لەلایەن منداڵەکانیەوە ئیتر چۆن ئێستا لەخوێندن دەریان دەهێنێت و کاریان پێدەکات، بۆیە ئەم بۆچوونەی بەباش نەزانی و قبوڵی نەکرد.

باوەژنەکەیان بەم بۆچوونە زۆر تووڕە بوو، هەردەگەڕا بۆ شتێك کە ئەو منالانە لەو ماڵە دووربخاتەوە، لەکۆتاییدا وتی ئەگەر لەخوێندن سەرکەوتوو نەبن و نمرەی باش بەدەست نەهێنن، ئەوا من ئامادەیی ئەوەم نییە بەخێویان بکەم و خزمەتیان بکەم، باوکی چاوان ئەم بۆچوونەی زۆر بەلاوە باش بوو وتی هاندەرێکی باشە بۆ ئەوەی زیاتر هەوڵ بدەن.



# ڕۆژگار و ماڵەباوان..



خۆسوتاندنی چاوان

یەکێك لە منداڵەکان چاوان بوو، لەخوێندندا زۆر باش نەبوو، بەتایبەت لەدوای مردنی دایکی ئەوەندەی دیکە خراپتر بوو، هەروەك هاوڕێکانی باسی دەکەن

ڕۆژ هەبووە کە چۆتە قوتابخانە بەچاوی پڕ فرمێسکەوە چووە و باسی خراپی باوەژنەکەیانی کردووە، و وتویەتی: ناوێرم ئەم خراپییەی باوەژنەکەم تەنانەت بۆ باوکیشم باس بکەم دەترسم باوەڕم پێ نەکات.

ئەم خراپییە زۆر کاریگەری لەسەر لایەنی دەروونی چاوان دروست کردبوو، نەیدەتوانی وەك پێویست بخوێنێت و لەوانەکاندا دەربچێت، لەو کاتەشدا تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ دەستی پێکرد، ڕۆژانە قسەمان لەگەڵ چاواندا دەکرد کە گرنگی زیاتر بە وانەکانی بدات بۆئەوەی دەربچێت و لەماڵەوە کێشەی بۆ دروست نەکەن.

ئەو ڕۆژەی نمرەی کۆتایی ساڵمان وەرگرت ناخۆشترین ڕۆژ بوو بۆ چاوان، چونکە لە دوو وانەدا دەرنەچوو بوو، کاتێك نمرەکانی وەرگرت و گەڕایەوە بۆ ماڵەوە زۆر دەترسا: وتی دەبێت لەماڵەوە چی ڕوویدات؟ بێگومان کە گەیشتبووە ماڵەوە باوەژنەکەی لێی پرسی بوو کە دەرچووە یان نە ؟ چاوانیش لەبەر گریان نەیتوانیوە وەڵام بداتەوە، باوەژنەکەی دەیکات بە هاوار و دەنگە دەنگ کە بۆچی دەرنەچووە، خۆی پێناگیریت و تەلەفۆن بۆ باوکی چاوان دەکات، بەڵام باوکی زۆر بە ئاسایی وەری دەگرێت، بەمە چاوان دێتەوە سەرخۆی، بەڵام باوەژنی هەست بەوە دەکات لەو ماڵەدا گرنگی بەقسەکانی نادرێت لەبەرامبەر ئەوەدا هەوڵ دەدات قسەی خۆی بباتە سەر، بۆیە داخی دڵی بە براکانی چاوان دەڕێژێت و بەهەرشێوەیەك بێت قەناعەت بە باوکیان دەکات بیانرێت بۆ بازاڕ تا کارێك بکەن، هەرچەندە براکانی چاوان زۆر منداڵیش دەبن، بەڵام بۆ چەند ڕۆژێك هەر دەچنە بازاڕ و کار دەکەن.

چاوان زیاتر لەجاران دەترسا ئەگەرییت و لەتاقیکردنەوەی دووەمدا دەرنەچێت، زۆر هەوڵی دەداو زیاد لەجاران دەیخوێند، بەڵام نەهامەتی بەهیچ جۆرێك لەم خێزانە دوورنەدەکەوتەوە، ئەمجارەش چاوان وانەیەکی دیکەی بۆ هاتەوە، کاتێك نمرەکانی وەرگرت و گەڕایەوە بۆ ماڵەوە بەباوەژنەکەی نەوت کە نمرەی وەرگرتووە، بەڵکو بەدزییەوە تەلەفۆنی بۆ باوکی کرد و پێی وت، بەڵام باوکی خراپتر لەباوەژنەکەی چەندین قسەی ناخۆشی پێ وت.

کاتێك ئێوارە گەڕایەوە بانگی چاوانی کردبوو و لەبەرچاوی خوشك و براو باوەژنەکەی زۆری لێدابوو، لەبەرامبەر ئەوەی بۆچی دەرنەچووە، هەرچەندە چاوان هاواری کردووە کە ئەمساڵ نەیتوانیوە بەباشی بخوێنێت، سوودی نەبووە، بگرە ئەمە بووەهۆی ئەوەی کە باوەژنەکەشی توڕە بکات، لەدوای ئەوەی باوکی ماندوو دەبێت کە ئەوەندە لەچاوان دەدات، چاوانیش دەچێتە سەربان و نەوت بەخۆیدا دەکات و ئاگر لەجەستەی خۆی بەردەدات، هیچ هاوڕێکیش ناکات تا ماڵە دراوسێکانیان دەیبینن، بەڵام لەو کاتەدا تەواوی جەستەی سووتابوو، دوای ئەوەی ٣ ڕۆژ لەنەخۆشخانە دەمێنێتەوە گیان لەدەست دەدات.

هەرچەندە هاوڕێکانی باسیان لەوە دەکرد، لەدواییدا باوکی زۆر پەشیمان بۆتەوە لەوەی چۆن توانیویەتی لەچاوان بدات، چونکە هەرگیز لەژیانیدا بۆ جارێکیش لێیان توڕە نەبووە، چۆن لەوکاتەدا توانیویەتی ئەو بڕیارە خێرایە بدات.

# خۆفەرزکردن و بەسەریەکتر زاڵ بوون لە خێزاندا..

ناسك سەعید

هەریەکێك لەتاکەکانی کۆمەڵگە لەژیانی تایبەتیدا وا دەخوازێت خێزانێك بۆ خۆی دروست بکات کە تێیدا بەختەوەرییەك بۆخۆی هاوسەرەکەی مسۆگەر بکات، لەخێزانی کوردیدا کۆمەڵێك چەمك وەك ئامۆژگارییەك بە کوڕ و کچ دەوترێت تا لەژیانی هاوسەریدا زاڵ بێت بەسەر ئەوی تردا، بەو مانایەی کە هەر لەسەرەتاوە بڕیار و بۆچوونی خۆی نەخاتە ژێر رکێفی بەرامبەرەوە، ئەم جۆرە بیرکردنەوانە بۆچی دروست دەبن لەکاتێکدا ئەو دوو کەسە دەیانەوێت ژیانێکی هاوبەشیان هەبێت، کامەیان زیاتر هەڵپە بۆ ئەو بیرکردنەوەیە دەبات؟ دەرئەنجامەکانی بەچ لایەکدا دەکەون؟

بۆ قسەکردن لەسەر ئەم تەوەرە و زانینی هۆکارەکان، چەند رایەکی جیاواز دەخوێنینەوە:

نگین عەبدولڵا: لەناو خێزانی کورددا ئەگەر پیاوەکە بۆ جارێك لەبۆچوونێکی خۆی پاشگەزبێتەوە دەبێتە هۆکارێك کە ئیدی ژنەکە وا هەست بکات مێردەکەی گوێڕایەڵی سەرجەم فەرمانەکانیەتی

نگین عەبدولڵا، کە کارمەندی شارەوانیە، رایوایە کە پێوەندی ژن و پیاو ئەوە نییە کە یەکێکیان هەوڵبدات قسەی خۆی لەسەروو قسەی ئەوی ترەوە بێت، بەپێچەوانەوە ژیانی هاوسەرێتی دەبێت پڕاوپڕ بێت لە رێز و خۆشەویستی، ئەو حاڵەتە لەناو خێزانی کورددا زۆر دەبیندرێت، وەك جۆرێك لەئازایەتی سەیر دەکرێت. ئەگەر پیاوەکە بۆ جارێك لەبۆچوونێکی خۆی پاشگەزبێتەوە، دەبێتە هۆکارێك کە ئیدی ژنەکە وا هەست بکات مێردەکەی گوێڕایەڵی سەرجەم فەرمانەکانیەتی، بەهەمان شێوەش ئەگەر پیاو بۆ جارێك بەسەر ژنەکەیدا هاواری کرد، ئەمیش لەو ساتەوە وا دەڕوانێتە ژنەکەی کە لێیدەترسێت یاخود هەر شتێك کە پێی خۆش بوو ناوی لێبنێت.

شاخەوان کەمال دەڵێت: ئەگەر بەقسەی ژنەکەت بکەیت، ئەوا لەدواڕۆژدا دەبێتە بڕیاردەری خێزانەکەت و منداڵەکانت گوێڕایەڵی ئەو دەبن.

لەبەرامبەر بۆچوونەکەی (نگین) دا ئەندازیار (شاخەوان کەمال) دەڵێت: کاتێك ژنم هێنا پێیانووتم مەرج نییە هەموو شتێك بەقسەی ژنەکەت بکەی، هەمیشە واخۆت دەربخە کە حساب بۆ قسەی ئەو ناکەیت، ئەگەر وانەکەیت لەدواییدا ژنەکەت دەبێتە بڕیاردەری خێزانەکەت و منداڵەکانت گوێڕایەڵی ئەو دەبن.

شاگوڵ جەزا: وەك چالاك لەبواری ژناندا هەریەك جۆرێك مامەڵە لەگەڵ یەکتر دەکەن وەك لەفەرمانگەیەك کاربکەن وایە، حەزیان بە ئەمر کردن و خۆ فەرز کردن هەیە.

لەهەمان کاتدا، زیاتر ژنان حەز بەوە دەکەن کە لەماڵدا دەسەڵاتی زیاتریان لەپیاوەکانیان هەبێت، چونکە هەمیشە ترسی ئەوەیان هەیە کە ئەگەر بڕیاردەر نەبن یاخود کەسێك نەبن کە گوێیان لێبگیرێت، ناتوانن وا هەست بکەن کە وەك هاوسەرەکانیان لەلای منداڵەکانیان خۆشەویستن، ئەمە بۆچوونی (شاگوڵ جەزا)ی چالاك لەبواری ژناندایە، هاوکات ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات: زۆربەی کێشەی ژن و پیاوی ئێستا لەسەر پەسەند نەکردنی بیروبۆچوونی یەکترە، هەریەك جۆرێك مامەڵە لەگەڵ یەکتر دەکەن وەك لەفەرمانگەیەك کاربکەن وایە، حەزیان بە ئەمر کردن و خۆ فەرز کردن هەیە.

(سەوسەن عەلی): خێزانەکانی ئەمڕۆ زۆرجار گیروگرفتەکانی دەرەوەی ماڵ لەگەڵ خۆیاندا دەهێننەوە ماڵ

(سەوسەن عەلی) کە یەکێکە لەو ژنانەی بەهۆی نەگونجانی لەگەڵ مێردەکەی جیابۆتەوە، پێیوایە هۆکاری جیابوونەوەکەیان بریتییە لە

ڕێز نەگرتن لەبۆچوون و رای یەکتر، هەروەك دەڵێــت: خێزانەکانی ئەمڕۆ زۆرجــار گیروگرفتەکانــی دەرەوەی ماڵ لەگەڵ خۆیاندا دەهێننەوە ماڵ، ئەمەش کاریگەری لەســەر کردار و تەنانــەت پەروەردەکردنــی منداڵیش دروســت دەبێت، بەتایبەت پیاو کەمتر خۆڕاگرە بۆ گرفتەکان.

بەهەمــان شــێوەش توێــژەرە کۆمەڵایەتیەکان، جەخت لەوە دەکەنەوە کە ژیانی هاوســەری دەبێت دووربێت لەخــۆ فەرزکردن و گــوێ پێنەدانی بۆچوونــی بەرامبــەر، بەپێچەوانەوە دەبێــت یەکتر قبوڵکردن لەســەرووی هەموو مەســەلەکانەوە بێت، چونکە نەمانــی ڕێزگرتن و قبوڵ کردن، ئەو خێزانە بەرەو هەڵدێران و نەمان دەبات.

توێژەرێکــی کۆمەڵایەتــی: ئەو پێوەندیــەی لەنێوان ژن و پیاودا هەیە لەســەر هەموو بەرژەوەندیە تایبەتی و گشتیەکانەوەیە

هــەروەك (دلێر نــوری) توێژەری کۆمەڵایەتــی خوێندنەوەیــەك بــۆ ئــەم لایەنــە دەکات و دەڵێــت: ئەو پێوەندیــەی لەنێوان ژن و پیاودا هەیە لەسەر هەموو بەرژەوەندیە تایبەتی و گشتیەکانەوەیە، ئەوان دەبێت بیر لەوە بکەنەوە کە بەرهەمی ئەو ڕێزگرتن و قبوڵکردنــە مرۆڤێك دێتە بوون چۆن هەروا بەئاسانی بەڕێ دەکرێت.

لەو ژیانەدا تاك دەســەڵاتی یاخود تــاك بڕیاردان بوونــی نییە، ئەگەر شــتێکی واهەبێت، ئەوا ئەو خێزانە، خێزانێکی ژن سالاری یان پیاوسالاریە، لەمەوە زاڵ بوونی عەقڵ ســالاری دروست دەبێت. تەنانەت ڕێگە نادرێت یەکێکیان دەنگ بەســەر ئەوی تردا بــەرز بکاتەوە، چونکــە کاریگەری خراپ لەسەر پەروەردەی منداڵەکانیان بەجێدەهێڵــن. لەمەشــەوە بێزارییەك و بێ ڕێزییــەك لەبەرامبەر یەکتردا دروست دەکەن.

بەپێــی ئــەو دەرەنجامانــەی کە لەلایەن ڕێکخراوەکانی ژنانەوە دروست بووە، باس لــەوە دەکرێت جیابوونەوە و گرفتەکانی ژن و پیاو لەم هۆکارانەوە دروســت دەبێــت، هەریەکەیان هەوڵ دەدات بەرامبەری بخاتە ژێر ڕکێف و بۆچوونی خۆیەوە، بۆیە دەبینین ئیتر ئەوەندە ناڕەزایی دەردەبڕن، تا بڕیاری جیابوونەوە دەدەن.

ژنان دەبێت زیاتــر لەمامەڵەکردندا هۆشــیارتر بن و بەهەمان شــێوەش پیاوانیش دەسەڵاتی پیاو سالاری پیادە نەکەن، چونکە ئەم حاڵەتە دەبێتە ئەوەی کە لەئاستێکی کەمتردا سەیری یەکتر بکەن. چەندە لەسەر بابەتە جیاوازەکان گفتوگۆی جیاواز بکرێت، ئەوەندەش گرفتــەکان بــەرەو چارەســەر بوون دەچن، بەڵام ئەگــەر یەکێك لەو دوو هاوسەرە هەوڵبدات لەخێزانەکەیدا تاکە کەسی بڕیاردە و تەنانەت بیرکەرەوەی خێزانیش بێــت، داهاتووی ئەو خێزانە لــەرووی پەروەردەکردنــی منداڵ و ئاراســتەکردنیان بــەرەو بنەمایەکی دروست هەنگاو نانێت.






بەرپرسی فایلی کۆمەڵایەتی: کامەران جەلال.. بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504944607
Email: komelayeti@gulan-media.com

گوڵان
ژمارە (٨٠٧)
٢٠١٠/١١/٢٩



# (فێنک) بەهەزار دەردە سەری لە فەرمانگەیەک دامەزرا

هەموو کەسێك بابی خۆی ناخۆشی و مەینەتی لە ژیانیدا دەبینێ، بەڵام کەم کەس هەیە ئامادە بێ بەسەرهاتەکانی خۆی بۆ رۆژنامەیەك یا گۆڤارێك بگێڕێتەوە کە خەڵکێکی زۆر بیخوێننەوە. لێ چونکە مرۆڤ بەهۆی ئێش و ئازاری ئەو دەردەسەری و مەینەتییانەوە کە دووچاری کراوەتەوە هەستدەکات سووکایەتی پێکراوە و لەناخەوە هەستی بریندار بووە، بۆیە، ئامادەن بەسەرهاتی خۆیان بگێڕنەوە. بۆ ئەوەی لەسەرێکەوە کەسانی دیکە ئەزموون لە بەسەرهاتەکەی وەرگرن و نەکەونە تەڵەی ئەو جۆرە کەسانەی کە بە خراپی و بێویژدانانە پێگە و دەسەڵاتی دارایی و کارگێڕی خۆیان بۆ مەرامە ناپەسندەکانیان بەکاردێنن و دەستدرێژی دەکەنە سەر کەسایەتی و ئابڕووی خەڵکانی دی. هەمیش وەك گەڕانەوەی جۆرێك لە ئیعتیبار بۆ زاتی خۆیان ئامادەن بەشێك لە ئەزموونی ژیانیان بیگێڕنەوە. (فێنك) هەر لەو سۆنگەیەوە بوو کە ئامادە بوو بەسەرهاتی دامەزراندنی خۆیمان وەك فەرمانبەر بۆ بگێڕێتەوە کە چۆن کەسی دەستڕۆیشتوو لەوەختی پێشکەشکردنی مامەڵەکەی هەبووە، کۆسپی بۆ دروستکردووە و بۆ دەست گەشتن پێی فشاری خستۆتە سەر. (فێنك) ئێستا تەمەنی بیستو چوارساڵیکە، کچێکی تا بڵێیی جوان و قەشەنگ و نازدارە. ئەو هەر لەبەر جوانییەکەی دووچاری فشار و وەڕس کردن ببۆوە. ئەمڕۆ دوو ساڵێك دەبێ کە بەسەر دامەزراندنیدا وەك فەرمانبەر رەتبووە، بەڵام هێشتا رۆژانی پڕ زەحمەت و دژواری خەریکبوونی بە راییکردنی مامەڵەی دامەزراندنەکەی لە بیرنەچۆتەوە. (فێنك) کە داواکاری دامەزراندنی پێشکەش کرد تەمەنی بیست و دوو ساڵ بوو. ئێستا با لێگەڕێین بەخۆی ئەو رۆژانەمان بۆ بگێڕێتەوە و بزانین کێ و بۆچی کۆسپیان بۆ دروستدەکرد. (فێنك) بەم شێوەیە قسەی کرد و وتی : زۆرم پێویست بەوە بوو کە لە فەرمانگەیەك یا لە دامەزراوەیەکی حکومی دابمەزرێم، بە تایبەتیش دوای ئەوەی باوکم بە رووداوی ئۆتۆمبێل مرد و بێکەس و بێسەرپەرشتیار و بەخێوکەر ماینەوە. باوکم تاکە کەسێك بوو لەماڵەوە کاری دەکرد و بەخێوی دەکردین. کە باوکم ئەمری خوای بەجێهێنا، ئێمە لە ماڵەوە سێ خوشك مابووین، دوو خوشکەکەی ترم قوتابی بوون، تاقە برایەکیشم هەبوو، ماشەڵڵای لێبێ، هەرچەندە کاروکاسبیشی باش بوو، بەڵام لەبەر ژنەکەی و ماڵە خەزوورانی ئاگای لە ئێمە نەبوو. بۆیە رۆژێك پێمانی نەوت چیتان پێویستە یا پێویست نییە، ئەو بەدوای رازیکردنی ژنەکەی کەوتبوو، کەی ئاگای لە ئێمە بوو؟! لەبەر هەندێ بۆ ئەوەی بۆ پاروە نانێك زەلیلی دەستی کەس نەبین و بشتوانین بەسەربەرزی بژین و خەرجی رۆژانەمان دەربێنین، لەگەڵ دایکم رێککەوتم لەسەر ئەوەی لە فەرمانگەیەکی حکومی دابمەزرێم و داواکاری دامەزراندن پێشکەش بکەم. جا لەبەرئەوەی من ساڵێك زیاتر بوو کە خوێندنی زانکۆم تەواو کردبوو، دەرگای دامەزراندنش بۆ پسپۆری ئێمە بە هەندێ قەید و شەرتەوە کرابۆوە، بۆیە بە دەرفەتم زانی کە لەم بارودۆخەماندا ئەم هەلە بقۆزمەوە. ئەوە بوو پێوەندیم بە کچێکی هاوڕێم کرد کە پێکەوە کۆلێژمان تەواو کردبوو، لەبارەی مەسەلەی دامەزراندنەوە قسەم لەگەڵی کرد، ئەویش هەمان بیرۆکەی هەبوو و خزمێکیشیان لە وەزارەتێك هەبوو گوتبووی ئێوە بڕیاری خۆتان بدەن وەرن داواکاری پێشکەش بکەن، من هاوکاری و رێنماییتان دەکەم. ئیدی یەك دوو رۆژان سۆراغی مەسەلەکەمان کرد و زانیمان کە چۆن و لە کوێ داواکاری دامەزراندن پێشکەش دەکرێت. سەرەتا کە دەستمان بە مامەڵەکە کرد زۆر بە ئاسایی بۆمان رایی دەکرا و بێکێشە کارەکانیان بۆ جێبەجێ دەکردین. هەر وامدەزانی دوو سێ رۆژی دیکەیە ئیدی لە فەرمانگەیەك دەستبەکاردەبم. بەڵام کاتێك مامەڵەکەمان کەوتە شوێنی رەزامەندی نیشاندان ئەوجا تووشی دەردەسەری کراین و ئەمڕۆ و سبەینێیان پێکردین و فشاریان خستە سەرمان. کاری هاوڕێکەم بەهۆی خزمەکەیەوە زووتر کرا و نەجاتی بوو، بەڵام هی من مەگەر خوا بیزانێ چەندیان ئازاردام و هاتووچۆیان پێکردم. با لە نووکەوە ئەو بینەوبەردانەتان بۆ باس بکەم کە تووشم هات، بەتایبەتی پیاوانێك هەبوون لەسەر کورسییەك دانیشتبوون چاویان لەوە بوو کورسی وەك هۆیەك بۆ بەدیهێنانی حەزەکانیان بەکاربێنن. بەهەرحاڵ رۆژێك دەبوو مامەڵەکەم بۆ ئیمزایەك ببەمە هۆبەیەك، کە بردم سکرتێری بەرپرسی هۆبە وتی : دانیشە چاوەڕێ بکە تا ئیمزای دەکات. نیو کاتژمێر چاوەڕێم کرد ئینجا سکرتێرەکە وتی: وەرە برۆ ژوورەوە بەرپرس بانگت دەکات. منیش چوومە ژوورەوە، کابرا کە زەلامێکی کەتەی ناشیرین و تەمەن لە سەرووی چل ساڵییەوە بوو، دیار بوو زۆر حەزی لە کش و فش و خۆ دەرخستن بوو، خۆی زۆر بە ئەتکێتەوە خەریك کردبوو. مۆبایلی لە دەست بوو قسەی دەکرد، کە چاوی پێمکەوت یەکسەر هەستم بە گۆڕانکاری رووخساری کرد. دەمێك بە تەلەفۆن قسەی کرد بێئەوەی بە من بڵێ دانیشە. کە لە تەلەفۆن بۆوە زۆر بە قوڵی دیقەتی دامێ و تەماشای ناو چاوی کردم و بە زمانێکی رەق پرسیی: بۆچی داوای دامەزراندن دەکەی؟ منیش بە زمانی لاڵم وتم: پێویستم بە وەزیفە هەیە، باوکم مردووە و گوزەرانمان باش نییە. ئای خوایە دوای ئەم قسەیەم ئەو کابرایە چۆن لەفزی گۆڕا و بە خۆشحاڵی و زمانێکی شیرین وتی: زۆر باشە ئێمە رەزامەندی نیشان دەدەین لەوەی کە پێویستیمان بە پسپۆڕیەکەت هەیە. زەنگێکی لێدا و سکرتێرەکەی هاتە ژوورەوە، پێیوت: دوو قاوە بێنە. کە وایوت سکرتێرەکەی بە تیلەی چاو لە ژێرەوە بە مۆنی سەیرێکی کردم و رۆیشت. کابرا ئیدی دەستی بە پرسیاری تایبەتی لێکردم: ئاخۆ باوکم بەچی مردووە و کێ بەخێومان دەکات و گوزەرانمان چۆنە و ئایا مێردم کردووە یان نە؟ ئیدی بە بیانووی ئەوەی بزانێت کە ئایا شیاوێتی ئەو وەزیفەیەم هەیە، نزیکەی کاتژمێرێك بەو پرسیارانە لای خۆی هێشتمیەوە. ئینجا بانگی سکرتێرەکەی کرد و نووسراوەکەی دایە دەستم و پێیوت بمباتە فلانە ژوور. لەوێ نووسراوەکەیان لێوەرگرتم و وتیان برۆ هەفتەیەکی تر وەرەوە. کە چوومەوە پێیانوتم نووسراوەکەت چۆتەوە لای هەمان بەرپرسی هۆبەکە، لەوێ وەریبگرەوە. دەی ناچار، دیسان چوومەوە لای کابرای بەرپرس. دووبارە کاتژمێرێك لە دەرەوە رایگرتم و ئەوجا توانیم بیبینم. ئەمجارەش کاتژمێرێك زیاتر داینیشاندم و باس و بابەتی نامۆ و سەیری دەکردەوە خوا خوام بوو نووسراوەکەم بداتەوە لە دەستی رزگار بم. ژمارەی مۆبایلی تایبەتی خۆی لەسەر کاغەزێك نووسی و دایە دەستم گوایە هەر کاتێك کارێکم هەبوو پێوەندی پێوە بکەم و هی منیشی لەسەر کاغەزێکی لای خۆی نووسی. ئینجا وتی: نووسراوەکەت ئەمڕۆ تەواو نابێت دەبێ دوو رۆژی تر بێیتەوە وەریبگرییەوە. رۆژی دواتر شەو کاتژمێر دوانزە دەبوو کە تەلەفۆنی بۆ کردم، دوای چاك و چۆنی، ئینجا وتی: بەیانی وەرەوە لام کارەت تەواو بووە بیبەرەوە. منیش سوپاسیم کرد، ئیتر درێژەی بەقسەکانی دا و وردە وردەش دەستی بە قسەی سەیر سەیر کرد و پاشان هاتە سەر بابەتی سێکسی و هەندێ وشەی زۆر ناشیرینی بەکارهێنا و چەند جارێکیش خۆی بەقوربان کردم، منیش بەڕاستی لەوزەم نەما چیتر گوێ لەو قسە پڕوپووچانەی بگرم. هەستیشم کرد کە شێوەی قسەکردنی تەواو نییە، چونکە بە روونی دیار بوو کە سەرخۆشە، بۆیە مۆبایلەکەم لەسەری داخست و کوژاندمەوە. بۆ رۆژی دواتریش نەچوومەوە ژوورەکەی هەرلای سکرتێرەکەی وەستام تا بەخۆی نووسراوەکەی بۆی ناردمە دەرەوە. دیار بوو هەستی کردبوو کە چ قەباحەتێکی کردووە، بۆیە رووی نەبوو بانگم بکاتەوە ژوورەکەی، خۆ ئەگەر نووسراوەکەشمی دڕاندبایە نەدەچوومە ژوورەکەی. بەهەرحاڵ کارەکەم



لەوێ تەواو بوو، ئەمجـــارە دەبوو مامەڵەکەم ببەمە شوێنێکی تر کە لە رووی فەرمان دەرکردنەوە بەرزتر بوو. نووســـراوەکانم بردە ئەو شوێنە و هەندێ شتیان بەبێ کێشــە بۆ کـــردم تا کارەکەم گەیشـــتە لای بەرپرسی باڵای شوێنەکە. کابرای بەرپرس کچێکی تا بڵێی جوان و ناســـکی وەك سکرتێرە راگرتبوو. کە من نووسراوەکانی خۆم پێیدا تا تێبینی خۆی لەسەر بنووســـێ، خانم تا بردییە ژوورەوە جارێ پتر لە نیو کاتژمێرێك بە دیارییەوە دانیشـــتم و نووســـراوەکەی لای خـــۆی گلدایەوە. ئینجا دوای بردنە ژوورەوەی نووســـراوەکەش کاتژمێرێکیش چاوەڕێـــم کرد، ئەوە چییە کاکـــم کۆبوونەوەی هەیە یـــا مێوانی هەیە. ئینجا بانگـــی ژوورەکەی کردم و فەرمووی لێکردم کە دانیشـــم. منـــی لە دیار خۆی دانا و خۆشـــی خەریکی تەلەفـــۆن و بانگکردنی کچە ســـکرتێرە جوانەکەی بوو. کچە هەر جارەی کە دەهاتە ژوورەوە مەپرســـە بەچ ناز و عیشـــوە و خۆ بادانێك دەهات، نەك دڵێك سەد دڵ حەیرانی دەبوو. کچە یەکێك بوو لە جوانییەکانی نووســـینگەی بەرپرســـەکە. ئەگەر هەڵە نەبم کابرای بەرپرس ئەو کچەی تەنیا بۆ وردە ئیش و خۆ دەرخســـتن لە پێش مێوان و کەسانی دی و بـــۆ خۆشـــی و فێنکـــی دڵی خۆشـــی بانگی ژوورەوەی دەکرد. دەمێك دانیشتم و بێزار بووم، چیتر تاقەتـــی چاوەڕوانیم نەما و هەڵســـام و وتم : من دەڕۆم کارم هەیـــە ناتوانـــم چیتر راوەســـتم تکایە پێمبڵی کەی بێمـــەوە، وتی بەیانی، نیوەڕۆیەکەی. نزیکـــی تەواوبوونـــی دەوام چوومـــەوە، بـــەڵام ســـکرتێرەکەی وتی: کۆبوونەوەی هەیـــە ناتوانێت بتبینێ. ســـبەی وەرەوە. رۆژی پاشتر کە چوومەوە هـــەر یەکســـەر با نگی ژوورەوەی

کردم، قاتێکی نوێی لەبەرکردبوو، خۆشـــی پۆشتە و پـــەرداخ کردبـــوو، بۆنێکی زۆر خۆشـــی لە خۆی دابوو. کە چوومە ژوورەوە لە ســـەر کورســـییەکەی هەڵســـایەوە و بەرەو پیرم هات و دەستی درێژ کرد و بەگەرمـــی تەوقەی لەگەڵ کردم، توونـد دەســـتی گوشـــیم و تا ماوەیك دەســـتی بەرنەدام تا خۆم بە زۆری دەســـتم لەناو دەســـتی دەرهێنا. فەرمووی لێکردم کە دانیشم ئینجا هاتە سەر باسی مامەڵەکەم و وتی: تۆم زۆر بەدڵە و رەزامەندیم نیشـــانداوە کە دابمەزرێـــی، بەڵام ئەگەر پێتخـــۆش بێت هەر لێرە لای خۆمان داتدەمەزرێنم. منیش سوپاســـیم کرد و وتم بەڵام ئەم شـــوێنە بۆ پسپۆڕی من ناشێت. کابرا زۆری لەگەڵ هەوڵـــدام، منیش هەر رازی نەبووم. دواجـــار وتی: بڕۆوە ماڵ یـــەك دوو رۆژێك بیری لێبکەوە ئینجا بڕیاری خۆت بدە. ویســـتم قسە بکەم و بڵێم بیرکردنەوەی ناوێت من ئێرەم ناوێت، دەرفەتی نەدام، وتی: تەواو لەســـەر ئەوە قسە مەکە، ئەمڕۆ نیوەڕۆ داوەتی منی. منیش ســـەرم لە قســـەکەی ســـووڕما و لەدڵی خۆمدا وتم داوەتی چی و حاڵی چی کچ کـــەی داوەتی پیاو دەبێت، ئەوە من بەکێ و چی تێدەگات، زۆر زوو تێگەشـــتم کە ئەو کابرایە خراپ لەمن گەیشـــتووە و ئەوە لەو جۆرە کەسانەیە کە هەموو کچێك بە ســـکرتێرەکەی خۆی تێدەگات لەبـــەر هەنـــدێ بـــە سوپاســـەوە داوەتەکەیم رەتکردەوە. کەچی وتـــی رەت کردنەوە نییە من وتـــم داوەتی یانی داوەتی تەواو دەتوانیـــن یەك دوو کاتژمێر دانیشـــین. کـــە وای وت ئیتر بڕیارم دا وەڵامێکی موستەحەقی بدەمـــەوە، ئەوجارەش بەتووندی رەتـــم کـــردەوە. هەرچەند هەوڵیدا، بێسێ و دوو لـــە ترســـان بێ رووخســـەتم

لێخواســـتن و بێئەوەی چاوەڕێ هیچ قسەیەکی ئەو بکـــەم بەپەلـــە ژوورەکەیم بەجێهێشـــت و زوو خۆم گەیاندە دەرەوەی باڵاخانەکە و بەپێیان رۆیشـــتم و لە رێگـــەش هۆن هۆن فرمێســـك بە چاومـــا دەهاتە خوارەوە. هەتا گەیشتمە ماڵەوە. لەبەر ئەوەی پارەی تەکســـیم پێ زۆر بوو بۆیە وتـــم هەتا ئەو پارەیەی دەدەمە تەکسی هەڵیبگرم بۆ شتێکی تر کە پێویست تـــر بێت باشـــترە. کە دایکـــم بەو حاڵـــەوە چاوی پێمکەوت، زۆر شپرزە و تەنگاو بوو. چی بووە کچم بۆ وات لێهاتووە بۆ دەگری؟ منیش بەدەم هەنسکی گریانەوە لەنووکەوە قسەکانی کابرای بەرپرسم بۆی گێڕایـــەوە. بەر لەوەی لە قســـەکانم تەواو بم کچە هاوڕێیەکـــەم تەلەفۆنـــی بۆ کـــردم، منیش بۆیم گێڕایەوە کە تووشـــی چ دەردەسەرییەك کراوم و وتم بڕیارم داوە کە واز لـــە دامەزراندن بێنم. وتی: تازە چـــۆن واز دێنـــی هیچی وات نەماوە راوەســـتە بە خزمەکەمان دەڵێم هاوکاریمـــان بکات. ئیتر ئەوەبوو بەیارمەتی ئـــەو خزمەیان کارەکەم تـــەواو کرا لەو شوێنەی کە پسپۆڕمە دامەزرام و دەستبەکار بووم و لە کۆڵ ئەو جۆرە کەسانە ببمەوە کە شوێنی خۆیان بۆ مەرامی کەسیی بەکاردێنن و دەستدرێژی دەکەنە ســـەر کەســـایەتی خەڵکانـــی دی و دەبنـــە رێگر لەبەردەمیان.

